# خوێندنەوەیەکی گشتی بۆ دەرئەنجامەکانی دادگای ئانرات

## ئاسۆ حامدی

**بەکورتی:**

لیرەدا دەمەوێ چەند رۆشنای بخەمە سەر چەند مەسیائیلیکی گرنگ کە ئەمرۆ دەکرێن بە گشتی بکرێنەوە، گرنگترینیان رۆلی هاوولاتیانە لە پرۆسێسەکانی ژیان و گوزەراندا، دافعی ئەسلی تەداخولکردنی رێکخراوی چاک لە مەسەلەی ئانرات دا هەست کردن بە مەسوولیەتیکی نەتەوەیی بووە، ئەم هەستە لە هەر روانگەیەک بێ جێی رێزە لە ئەهمیەتی کارەکانیان کەم ناکاتەوە.

یەکورتی: چۆن دەکرێ ئەم نموونەیە سەرکەوتووە، لە تەواوی پرۆسەکانی ژیان و گوزەرانی خەلکی کوردستان تەعمیم بکەین( بۆ خودی تاوانبارانی ناوەخۆ چەقبەندی بکریت و چڕ بکریتەوە، بەکورتی پەلکێشی دادگا بکرێن)..دەسەلاتدارانی کوردستان و دەولەت لە کوردستان زۆرکاری بۆ ناچێتە سەر لەبەر فاکتەری دەرەوەیی و ناوخۆیییاندا یان عاجزن لەبەردەمی کارەکان یان لەبەر مەسلەحەتی دەسەلات و حزبیدا فریای ئەم کارانە ناکەون یان هەرنایەنەوێ یان بۆیان ناکرێ( لەبەر هیزەکانی ئەمریکا و ئەقلیمی) و ناتوانن راستەوخۆ بەیانی کەن...هتد،هتد. ( من دەمەوێ وەزعیەتیک دراسە بکەم بەبێ لایەنگیری و پاساو بۆ  هیچ کەس و لایەنیک).بەلام من لایەنگیری خەلکی کوردستانم بۆ دەخالەت کردن لە ژیان و گوزەرانی کۆمەلگا.

بۆ ئەوەی لە پرۆسەی ئەم دادگای و سەرکەوتنە بگەین دەبی باس لە ئەکتۆر و فاکتۆرەکانی ئەم پرۆسیسە بکەین.

ئەکتۆرەکان ( یانی لایەنە سەرەکیەکان..کاراکتەرەکان)

1.دەولەتی هۆلەند ( دەستووری دایمی وولاتی هۆلەند لە 60% لە دەستوور فەرەنسا وەرگیراوە..) دیموکراسی و مافی مرۆڤ بە قولی هۆلەندیەکان لە تیوردا هەتا دوا برغو سەمموونەی نوسراوە.

2. پارتی سۆسیالیستی هۆلەند (کە پارتیکی ئۆپۆزیسیونی بە هیزە لە هۆلەندا چەندین ئەندامی پەرلەمانی و چەندین ئەندامی لە شارەوانیەکان لە دەسەلاتدان، نزیکەی خاوەنی 45.000 ئەندامە لە هۆلەند).

3. رێکخراوی چاک ( رێکخراو بۆ دژی جینۆساید و کیمیا بارانی هەلەبجە و گەلی کورد تێدەکۆشێ).

4. قوربانیانی چەکی کیمیای و جینۆساید.

5.پاریزەران و پرۆسیسی دادگایی کردن.

فاکتۆرەکان

1.شێلگیری ئەندامانی رێکخراوی چاک بۆ بە دادگایی کردن و دەرئەنجامی پرۆسەکان.( ئەم تەسمیم گیریە بۆ بەیەنجام گەیاندنی دافعیکی گرنگ بوو بۆ سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە).

2. کەش و هەوای ئازادی سیاسی و دادگایی لە وولاتی هۆلەند.

3. ناوزەد بوونی ئانرات لە میدیای وولاتی هۆلەندا لە کاتی رووخانی رژیمی بەعسدا.

4. گۆرانی وەزعی سیاسی لە تەواوی دونیادا، شەفاف بوونەوەی ئەم مەسەلەی کیمیاوییەی هەلەبجە و بەکارهینانی ئەمریکا بۆ بەهانەیەک بۆ روخانی رژیمی بەعس و باس کردنیان لە میدیا و جەلسەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا.

5.رۆلی چەند ئەندامێکی چالاکی حزبی سۆسیالیست لە مانە کریستا( کە ئەندامیکی چالاکی حزبەو ئەندامی پەرلەمانە) و پاریزەری چاک لە پرۆسێسەکانداو

رۆلی میدیاو میدیای هۆلەندی و بلاوکردنەوەی تەواوی هەوالەکان و تیشک خستنە سەر مەسەلەکانی دادگایی و پرۆسیسەکان و مەسەلەی سەرەکی کیمیایی و قوربانیانی ئەم کارەساتە دژی ئینسانیە.

ئەگەر بتوانین پەیوەندی و کارلێکردنی ئەم فاکتۆر و ئەکتۆرانەی کە باس کران لەگەل یەک لە خشتەیەکدا دابنێن کە پێ دەلێن.

Relatie matrix

بەم چەشنە:

| | ئەکتۆرو فاکتۆر | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| فاکتۆرو فاکتۆر | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 |
| 1 | 1.1 | 1.2 | 1.3 | 1.4 | 1.5 | 1.6 | 1.7 | 1.8 | 1.9 | 1.10 |
| 2 | 2.1 | 2.2 | 2.3 | 2.4 | 2.5 | 2.6 | 2.7 | 2.8 | 2.9 | 2.10 |
| 3 | 3.1 | 3.2 | 3.3 | 3.4 | 3.5 | 3.6 | 3.7 | 3.8 | 3.9 | 3.10 |
| 4 | 4.1 | 4.2 | 4.3 | 4.4 | 4.5 | 4.6 | 4.7 | 4.8 | 4.9 | 4.10 |
| 5 | 5.1 | 5.2 | 5.3 | 5.4 | 5.5 | 5.6 | 5.7 | 5.8 | 5.9 | 5.10 |
| 6 | 6.1 | 6.2 | 6.3 | 6.4 | 6.5 | 6.6 | 6.7 | 6.8 | 6.9 | 6.10 |
| 7 | 7.1 | 7.2 | 7.3 | 7.4 | 7.5 | 7.6 | 7.7 | 7.8 | 7.9 | 7.10 |
| 8 | 8.1 | 8.2 | 8.3 | 8.4 | 8.5 | 8.6 | 8.7 | 8.8 | 8.9 | 8.10 |
| 9 | 9.1 | 9.2 | 9.3 | 9.4 | 9.5 | 9.6 | 9.7 | 8.9 | 9.9 | 9.10 |
| 10 | 10.1 | 10.2 | 10.3 | 10.4 | 10.5 | 10.6 | 10.7 | 10.8 | 10.9 | 10.10 |

لێرەدا ئاکتۆر و فاکتۆرەکان لە هێلی ئاسۆیی و ستوونیدا لە دوای یەکتردا دەنوسرێن.
ئەمانەی کە دوو ژمارەی یەکن پێ ویست بە دراسە ناکات بەنموونە ( ڕەنگە سوورەکان ، جونکە هیچ شتی بە خۆی مقارەنە ناکرێ !!).
من (5) ئەکتۆرو (5) فاکتۆرم هەلبژارد، یانی دەکاتە 90 مقارەنە کە ئەمە زۆر زۆرنیە بۆ دراسە و خوێندنەوەی دەسکەوتیکی ئاوا، بەلام لە هەلسەنگاندنی مقالەیەک بۆ میدیای ئەنتەرنێت زۆر زۆرە.. با یەک نموونە لە بەراوردی ئەکتۆرو فاکتۆر وەربگرین بۆ تێگەیشتنی زیاتری خوێنەران:
پەیوەندی و بەراورد یان کاریگەری پارتی سۆسیالیست لە هۆلەند لەگەل قوربانیانی چەکی کیمیای لە هەلەبجەدا.
بۆ هەموو کەس ڕۆشنە کە سۆسیالیستەکان کێن؟ دیفاع کردنی ئەوان لەم کەیسە لە بیروباوەرە وە سەرچاوەی گرتووە، هیچ شتێکی تر لە غەیری دیفاعکردن لە مافەکانی مرۆڤ ئەمانە بە هەلوێستی سیاسی حزب نابەستێتەوە. بۆیە هەماهەنگی ئەم دوو ئەکتۆرە لەگەل یەکدا هیزو توانا بە مەسەلەکە دەبەخشێ.
جا دەکرێ هەر 90 مقارەنە دراسە بکریت. یان لەوانەیە کەسانی تر ئەکتۆرو فاکتۆری تر هەلببژێرن، دراسەیان بکەن. لیرەدا جیاوازی هەلبژاردن و دراسەکردن هیزو توانا بە مەسەلەکان دەدەن و دراسەکان زۆرتر ئاوالا دەبن.
بەلام بۆ ئەوەی دراسەکەم بە کورتی باس بکەم ، دوای کە تەواو مەسەلەکان شیتەڵ کرایەوە بە هۆی خشتەی بەراوردکردن و هەلسەنگاندنی
Multi criteria analyseجۆراوجۆر..
دەگەی بە ئەنجامێکی دروست لە دراسە و خوێندنەوەکەدا، ئەمە پرۆسەیەکی ئەکادیمی نوێیە بۆ دراسەکردنی ڕووداوەکان و مەسەلە زانستیەکان بەکاردێت.

هەنگاو بۆ گەیشتن بەبەرەنجام:
کاتێ کۆمەلانی خەلکی کوردستان دەتوانن کاریگەر لەسەر پرۆسیسەکان لە کۆمەلگا دابنێن
( یانی ئەوانەی لە ناوەخۆ( چ لە کوردستان یان لە عیراق) تاوانبارن بە ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان کە بەهیوام ڕۆژی هەموویان وەکو ئانرات لە دادگادا حوکم بکرین)،دەبێ وەکو ڕێکخراوی

چاک شیلگیرانەو خاوەن مەسەلە بێنە مەیدان.بە هەماهەنگی پارتە سیاسیە چەپەکان و گشت ڕێکخراوەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤ.لە هەمانکاتدا پێش مەرجی سەرکەوتنەکان لە دیموکراتیزەبوونی کۆمەلگادا دایە.

سیستەمی قەزایی و سیستەمی ئیداری و ئازادی بیروباوەرو بەیان و عەقیدە زۆر دەرگا لەبەردەم سەرکەوتنی پرۆسەکان دەکاتەوە.